## زانیاریەکی کورت لەسەر

# دەستنیشانکردنی کۆرپەلە

Sorani



**دەستنیشانکردنی کۆرپەلە بە زوویی**

گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە هەموو دەستنیشانکردنێکی کۆرپەلە ئارەزوومەندانەیە. هەمیشە تۆ خۆت وەک ئافرەتێکی دووگیان خۆت بڕیاردەدیت ئەگەر بتەوێت پشکنینەکەت بۆ بکرێت یان نا.

مەبەست لە دەستنیشانکردنی کۆرپەلە بە زوویی ئەو پشکنینانەیە کە پێش تەواوبوونی هەفتەی 22 ی دووگیانی دەکرێن، بەڵام زوربەی زۆری پشکنینەکان زۆر لەوە زووتر ئەنجامدەدرێن.

ئەگەر تۆ بەناو دەستنیشانکردنی کۆرپەلەدا تێپەڕبیت، ڕەنگە پشکنینەکان ئەوە دەرخەن کە مەترسی جۆرە ناجۆریەک لە کرۆمۆسۆمی کۆرپەلەدا و /یان شێوانێکی تر لە گەشەکردنیدا بوونی هەیە. لەو حاڵەتەدا پرسیارت لێدەکرێت ئایا دەتەوێت کۆمەڵە پشکنینێکی ترت بۆ بکرێت. تۆ زانیاریت دەربارەی ئاکامە پزیشکی و کۆمەڵایەتیەکانی ناجۆریەکە پێدەدرێت، هەروەها دەربارەی ئەو چاودێریە تەندروستیانەی کە ڕەنگە بخرێە ڕوو. ئیدی دوای ئەوە بۆ خۆت هەڵوێست وەردەگریت ئایا دەتەوێت درێژە بە دووگیانیەکەت بدەیت یان بیپچڕێنیت.

ئەگەر تۆ لەو شتانە دوودڵبیت، دەشێت تۆ بیر لەوە بکەیتەوە کە ئایا بەڕاستی دەتەوێت دەستنیشانکردنی کۆرپەلە بە زوویی بکەیت. تەنانەت بیر لەوەش بکەرەوە کە ئەو سۆنەرە زووەی کە لە میانەی هەفتەی دووگیانی 12-13 پێشکەشت دەکرێت وە ئەو سۆنەرە ڕۆتینیەی لە میانەی هەفتەی دووگیانی 18- 20 دا دەکرێت خۆی لە خۆیدا بریتیە لە دەستنیشانکردنی کۆرپەلە.
هەروەها گرنگە لە یادیشت نەچێت کە ناتوانرێت هەندێک بارودۆخ بە دەستنیشانکردنی کۆرپەلە بدۆزرێتەوە. تەنانەت ئەگەر لە کاتی پشکنینەکەدا هەموو شتێکیش ئاسایی بێت، ڕەنگە هێشتا هەر مەترسیەکی کەم هەبێت کە کۆمەڵە لادانێکی وای تێکەوێت کە کاریگەری لە تەندروستی کۆرپەلە بکات.
ئەگەر تۆ لە ڕووی بۆماوەییەوە هەڵگری ناجۆریەک بیت لە کرۆمۆسۆمدا یان نەخۆشیەکی ئیرسیت هەبێت دەشێت تۆ مامانەکەت/ دکتۆرەکەتی لێ ئاگادارکەیتەوە.

چاودێری تەندروستی گشتی لە سۆنگەی هەلسەنگاندنی پزیشکیەوە بە خۆڕایی دەستنیشانکردنی کۆرپەلە پێشکەش بە هەموو ژنانی دووگیان دەکات.
ئەگەر تۆ دەستنیشانکردنی کۆرپەلە لای چاودێریکەرێکی پریڤات بکەیت، ڕەنگە مانای ئەوە بگەیەنێت کە ناتوانرێت هەمان پشکنینت لە لایەن چاودێری تەندروستی گشتیەوە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کۆرپەلە پێشکەش کرێت. پرسیار لە مامانەکەت بکە ئایا ئەوە تۆ دەگرێتەوە.

**(سۆنەر بە زوویی ) TUL**

لە هەرێمی خۆرائاوی یۆتەلاندا سۆنەر بە زوویی و بە خۆڕایی پێشکەش بە هەموو ژنانی دووگیان دەکرێت. سۆنەر لە سکەوە دەکرێت و مەبەستەکەش بۆ ئەوەیە کە درێژی ماوەی دووگیانی پێ دیاریکرێت، هەموو جۆرە دووگیانیەک بدۆزرێتەوە کە زیاتر لە یەک کۆرپەلەی تیادا دروست بووە و ناجۆری جددی لە کۆرپەلەدا بدۆزرێتەوە.
وا باوە پشکنینەکە لە نێوان هەفتەکانی دووگیانی 12+4 بۆ 13+6 دا بکرێت، بەڵام دەتوانرێت لە هەفتەی 15 + 0 دا وەختی بۆ دیاریکرێت. ناتوانرێت بە TUL ناجۆری لە کرۆمۆسۆمدا بدۆزرێتەوە.

## KUB
لە حاڵەتی KUB دا (پێکەوە گرێدانی سۆنەر و پشکنینی بایۆشیمی) مەزەندەی **ئەگەری** ناجۆری لە کرۆمۆسۆمدا پێدەکرێت کە لەوێدا کرۆمۆسۆمێک زیاتر هەیە کە پێی دەگوترێت تریسۆمی (Trisomier). بە KUB دەتوانرێت ئەگەری پەیدابوونی تریسۆمی 21 (حاڵەتی مەنگۆلی Downs syndrom ) و دوو دانە حاڵەتی دەگمەنی تر بەڵام جیدی لە تێکچوونی باری کرۆمۆسۆمی پێ دیاریکرێت (تریسۆمی 13 وە 18).

گرنگە بزانیت کە KUB شێوازێک نیە کە بە دڵنیایی بتوانێت تەئکید لە تریسۆمی بکاتەوە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ مەزەندەکردنی ئەگەری پەیدابوونی تریسۆمی.

لە هەرێمی خۆراوای یۆتەلاندا KUB بۆ هەموو ئەو ژنە دووگیانانە بە خۆڕایی ئەنجام دەدرێت کە 35ساڵیان پڕکردۆتەوە لەو کاتەدا کە دوواهەمین خولی مانگانەیان بۆ هاتووە. **ڕێزپەڕ:** لە حاڵەتی IVF بە هێلکە- یان بەخشینی ئاوڵەمە، کە هەمیشە بەخشەر لە 35 ساڵان کەمترە، هەروەها لە حاڵەتی IVF بە هێلکەی یەخکردووی خۆی کە لە پێش 35 ساڵیدا لێی وەرگیراوە.

لە هەفتەی دووگیانی 9+ 0 – 13+6 پرۆڤێکی خوێن لە ژنە دووگیانەکە وەردەگیرێت بۆ پێوانی دوو جۆر پرۆتینی خوێن. پشکنینی سۆنەری سک لە هەفتەی دووگیانی 11+3 – 13+6 دا ئەنجامدەدرێت، کە لەوێدا پانی برگەیەکی پڕبوو لە شلەمەنی لە ئاستی ملی منداڵەکەدا دەپێورێت کە پێی دەگوترێت (دیاریکردنی مەترسی مەنگۆلی NUPP Nackuppklarning). ئەنجامەکانی ئەو پشکنینانە لەگەڵ تەمەنی ژنە دووگیانەکەدا بەهێند دەگیرێت بۆ ئەوەی ڕادەی ئەگەری پەیدابوونی تریسۆمی کۆرپەلە دەرخات. باشترین کات ئەوەیە کە پرۆڤی خوێنەکە لە هەفتەی 10+0 دا وەرگیرێت و نەخشەی پشکنینی سۆنەری بۆ دانرێت لە نێوان هەفتەی 12+4 دا تا 13+6 دا ئەنجام درێت چونکی ئەو حەلە مرۆڤ دەتوانیت تەنانەت TUL یشی لەسەر ئاستێکی جۆری باش بۆ ئەنجامدرێت.

دەتوانرێت KUB یش ئەنجامدرێت ئەگەر زیاتر لە یەک کۆرپەلە لە ئارادا بوو. هەندێک جار لەو حاڵەتەدا سەختە بتوانرێت هەڵوێست لەسەر ئەنجامەکەی وەرگیرێت، بۆیە وا چاکە مرۆڤ بە تایبەتی ڕێنمایی لەسەر ئەوە بەدەست بهێنێت.

ئەگەر پشکنینی KUB نیشانیدا کە ئەگەرێکی زۆر لە ئارادایە بۆ تریسۆمی، پشکنینی دیکە پێشکەش بە دووگیانەکە دەکرێت.

## NIPT (non invasive prenatal test)
NIPT مێتۆدێکە کە لە ڕێگای وەرگرتنی پرۆڤی خوێن لە ژنە دووگیانەکەوە دەتوانرێت پشکنین بۆ DNA ی کۆرپەلە بکرێت. NIPT هەر وەکوو KUB بریتیە لە تێستێک کە ئەگەری ڕادەی ناجۆری کرۆمۆسۆم دەردەخات، بەڵام بە پلەیەکی بەرزتر لە دڵنیایی. بەتەواوەتی هەر وەکوو KUB هەڵسەنگاندن بۆ ئەگەری تریسۆمی 13، 18 وە 21 دەکرێت.
دەتوانرێت NIPT لە هەفتەی دووگیانی 10 و بەرەوژوورەوە ئەنجامدرێت.

NIPT وەک پشکنینێک بۆ ژنان دەخرێتەڕوو:

- کاتێک پشکنینی - KUB دەریخستبێت کە ڕادەی ئەگەری تریسۆمی بەرزە (1:51-1:200).
- کاتێک بە چەند هۆکارێک نەگونجاوە پرۆڤی ئاوڵەمە/ وێڵاش وەرگیرێت (وەک نەخۆشی هیپەتایت، HIV ، ئاسانی خوێنبەربوون).

ناتوانرێت NIPT ئەنجامدرێت ئەگەر دووگیانەکە:
- زیاتر لە کۆرپەلەیەکی لە سکدا بێت
- خۆی گۆڕانکاریەک لە کرۆمۆسۆمەکانیدا هەبێت
- لە میانەی ئەم 3 مانگانەی دواییدا
  - چاندنی بۆ کرابێت (تەنانەت چاندنی خانەی بنچینەیی)
  - خوێنی تێکرابێت
  - بە تیشک چارەسەری وەرگرتبێت
  - چارەسەری بەرگری لەشی بۆ کرابێت

## پرۆڤی ئاوڵەمە/ پرۆڤی وێڵاش
پرۆڤەکە لە سکەوە وەردەگیرێت لە ناو منداڵداندا. لە ڕێگای کردنی دەرزیەکی باریک بە وێڵاشدا یان کۆمەڵە خانەیەک کە لە ناو شلەمەنی ئاوڵەمەدا ئەسوورێنەوە.
ئاوڵەمە - یان پرۆڤی وێڵاش زوربەی کات بە ڕێگایەک شیتەڵدەکرێتەوە کە مانای ئەوە دەگەیەنێت لە میانەی هەفتەیەکدا وەڵامی شێواندن لە کرۆمۆسۆمدا تریسۆمی 13، 18 وە 21 (QF-PCR) دێتەوە.

- زوترین کات بۆ وەرگرتنی پرۆڤی ئاوڵەمە دەتوانرێت لە هەفتەی دووگیانی 15+0 دا بکرێت
- زوترین کات بۆ وەرگرتنی پرۆڤی وێڵاش دەتوانرێت لە هەفتەی دووگیانی 11+0 دا بکرێت
- وەرگرتنی پرۆڤ مانای ئەوە دەگەیەنێت کە مەترسی لەبارچوون زیاددەکات بە ڕادەی کەمتر لە 0,5% >

پرۆڤەکە پێشکەش دەکرێت ئەگەر:
- ئەگەر پشکنینی - KUB دەریخستبێت ئەگەری ئەوە هەیە لە 1:50 زیاتر بێت، دیاریکردنی مەترسی مەنگۆلی Nackuppklarning پێورابێت و زیاتر یان یەکسان بێت بە ≥3,5mm ، یان ئەگەر NIPT دەریخست ئەگەری گەورە هەیە بۆ تریسۆمی13، 18 یان 21
- پشکنینی سۆنەر دەریخات گومانی ناجۆری گەشەکردن لە ئارادایە
- ئەگەر تۆ منداڵت بووبێت یان دووگیان بوویبیت بەکۆرپەلەیەک کە شێواندنێک لە کرۆمۆسۆمەکانیدا هەبووبێت
- هەڵگری نەخۆشیەکی ئیرسیت کە خۆت یان لە ڕیشەی خێزانەکەتاندا هەیە
- 35 ساڵت پڕکردۆتەوە و خۆت بەدوور دەگریت لە پشکنینی – KUB، بەڵام خوازیاری دەستنیشانکردنێکی کۆرپەلە دەکەیت سەبارەت بە شێوانی کرۆمۆسۆم

## ڕۆتینە سۆنەر

ڕۆتینە سۆنەر بە خۆڕایی پێشکەش بە هەموو دووگیانان دەکرێت لە هەرێمی خۆرئاوای یۆتەلاندا.
دەشێت ئەم پشکنینە لە نێوان هەفتەکانی 18- 20ی دووگیانیدا بکرێت بە مەبەستی:

- یەکالاکردنەوەی ماوەی دووگیانی و مەزەندەکردنی بەرواری منداڵبوون (ئەگەر هەنووکە سۆنەری (TUL) بە زوویی ئەنجامدرابێت هیچ مەزەندەیەکی نوێ ناکرێت).
- بزانرێت چەند کۆرپەلە لە منداڵداندا هەیە، ( ئەگەر TUL ئەنجام نەدرێت).
- پشکنین بۆ کۆرپەلە بکرێت بۆ دۆزینەوەی ناجۆری جددی لە گەشەکردندا
- هەڵسەنگاندنی شوێنی وێلاش

هەندێک ناجۆری لە گەشەکردندا بە سۆنەر ئاسان دەبینرێت، وە هەمیشە بە باشی دەدۆزرێتەوە (بۆ نموونە فتقێکی گەورە لە پەتکەدەماردا). هەندێک شێواندن لە دروستبوندا زەحمەتە بدۆزرێتەوە (بۆ نموونە هەندێک هەڵەی دڵ). هەموو جۆرە شێواندنێک بە سۆنەر نادۆزرێتەوە . لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا ڕەنگە مرۆڤ بە هەڵە وا هەستکات کۆرپەلەیەکی ساغ، ناجۆری تێدایە. تەنانەت هەندێک گۆڕانکاریش هەیە کە زەحمەتە گرنگیەکەی هەڵسەنگێنرێت و ڕەنگە نادیاریەکەی ببێتە مایەی نیگەرانی بۆ دایکوباوک. ئەگەر دووگیانەکە بخوازێت بزانێت کچە یان کوڕ لە میانەی پشکنینەکەدا بە مامانەکە ڕادەگەیەنرێت. ئەگەر بە دڵنایایی دەرکەوت کوڕە یان کچ، ئەوا مامانەکە پێیان ڕادەگەیەنێت. ئەگەر تۆ دەخوازیت ڕەگەزی منداڵەکە بزانیت، پێویستە تۆ لە کاتی پشکنینەکەدا بە مامانەکە بڵێیت. ئەگەر بتوانرێت ڕەگەزی منداڵەکە بە دڵنیاییەکی گونجاو دەرکەوێت، ئەوا تۆش لەوە ئاگادار دەکرێیتەوە.

## پاشان چی ڕوودەدات – دووای پشکنینەکان؟

لە زوربەی حاڵەتدا پشکنینەکان هەموو شتێک بە باشی دەڕوون بەرێوە و منداڵەکەش بە ساغی لەدایک دەبێت. ئەگەر پشکنینەکان نیشانەی ئەوەیان پێوە دیاربوو کە شێواویەک لە ئارادایە لە چاو ئەوەی کە چاوەڕوانی لێدەکرا، ئەواهەڵسەنگاندنی تریشی لە لایەن دکتۆرە بۆ دەکرێت. بە چەند پشکنینێکی تر تەواوکاری بۆ دەکرێت و ڕەنگە پرسیاریشت لێکرێت ئایا دەتەوێت پروڤی ئاوڵەمە یان پروڤی وێلاشیشت بۆ بکرێت. ئەگەر دەرکەوت ئەو کۆرپەلەیەی لە سکتدایە شێواندنێک لە کرۆمۆسۆمەکانیدا و یان ناجۆریەک لە گەشەکردنیدا هەیە، زانیاریەکی زۆرت پێدەبەخشرێت و دەرفەتی مشتومڕیشت بۆ دەڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بزانیت ئایا ئەو شتانە مانای چی دەگەیەنن. هیچ کەسێکی غەیرە مافی ئەوەی نیە دەستێوەردانی تیادا بکات یان هەوڵدات کاریگەری لە بڕیاری ژنە دووگیانەکە بکات. هەندێک جار وا باشە لەگەڵ چەندین کەسی بەتوانادا وتووێژ بکەیت بۆ نموونە ڕێنماییکەری جینێتیکی، دکتۆری منداڵان، دەروونناس یان توێژەری کۆمەڵایەتی (کوراتۆر) بۆ ئەوەی بە بڕیارێک بگەیت کە بۆ تۆ بە باشترین شێوە دەست بدات. ڕەنگە پڕبایەخیش بێت بەم ماڵپەڕانەی خوارەوەدا بگەڕێیت بۆ ئەوەی زیاتر فێربیت سەبارەت بەوەی بوون بە دایکوباوکی منداڵێکی تواناداب‌ەزیو مانای چی دەگەیەنێت.

## ئەگەر خوازیار بیت زیاتر لەسەر دەستنیشانکردنێکی کۆرپەلە بزانیت:

- ئەو زانیاریانە بەدەست بهێنە کە نەخۆشخانەکەی خۆت لەبەردەستدان و لە ماڵپەڕەکەیاندا هەیە.

بڕوانە ڕێنماییەکانی ئەم لینکانە

http://www.1177.se/Fakta-och-rad/Undersokningar/Fosterdiagnostik/
http://www.svenskadownforeningen.se
http://www.nnkkf.n.nu  (SNIF)
http://www.agrenska.se
http://www.gensvar.se
https://www.socialstyrelsen.se/stod-i-arbetet/funktionshinder/
https://www.socialstyrelsen.se/stod-i-arbetet/sallsynta-halsotillstand/
http://www.fub.se (Förening för utvecklingsstörda barn, ungdom och vuxna)
()کۆمەڵەی منداڵان، لاوان و گەورەی ناجۆری لە باری گەشەکردنیاندایە